کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-8-2007 21:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ئەو پورە خانمەی پزیشکی چاو بوو تەنها خانمێکی دەست برو درۆزن و... !! ... فەرهاد کورد**

پێش ماوەیەك لە مەو پێش لە یەكێك لە كەناڵەكان ڕێكخراوێكی ژنان ڕێپۆرتاژێكی دوورو درێژی لە سەر (پورەخانم) ناوێك بڵاو كردەوە كە گوایە دەتوانی چاوی خەڵك پاك بكاتەوە و چەندها شتی تریش، لە دیدارەكەدا پورە خانم دەیوت من وەك پزیشكەكان نیم ئەم كارەم بۆ خێرە تەنها (پێنج) هەزار وەر دەگرم بۆ چاو پاك كردنەوە ئەویش لە بەر باری بژێوی، وە باسی لەوە دەكرد كە خەڵكێكی زۆر ڕۆژانە لە هەموو شوێنێكەوە رووی تی دەكەن.



ئەم قسانەی دڵ خۆشی كردم زۆر بە تاسەوە بوو رۆژێك ئەم خێرخوازە بەبینم بەتایبەت كە دەی ووت كەسێكم چاك كردوە لە ئێرانیش چاری نەبووە، پاش ماوەیەك بۆ كارێك ڕێم كەوتە (سید صادق) میوانی ماڵێك بووین لە گەڵ چەند برادەرێك چەند برادەرێكمان لەوی بوون كە چووبوون بۆ لای ئەم پورە خانمە باسیان لەوە كرد كە چاویان پربووە لە زیخ وە ئەو بۆی پاك كردونەتەوە تەنانەت یەكێكیان دەی ووت من چاوم زۆر فەرقی كردوە، منیش ووتم دەكرێت بچین سەردانێكی بكەین، نزیكی نیوەرۆ بوو چەند برادەرێك چووین وە هەر بەچوونە ژورەوەمان بۆ حەوشی ماڵەكە بۆ خۆی چەند پرسیارێكی لا دروست كردم كە هەر كەس رۆشتبێت پی دەچێت هەمان پرسیاری بۆ دروست بووبێت، چووینە ژورەوە و لە ژورێك خەڵك چاوەری پورەخانمیان دەكرد وە لە گۆشەێكی ژورەكە مێزێك دانرابوو وە چەند پاكەتێك كلینكس لە سەری وە چەندها كلینكس لە ژورەكە كەوتبوو پاش كەمێك كچێك هاتوو كلینكسەكانی لا بردو گلەیی ئەوەی لە ئێمە كرد كە ئەم هەموو كلینكسە فری دەدین و پارەش كەم دەدین برادەرێكمان ووتی ئێمە ئێستا هاتووین هی ئێمە نی یە. كچەكە رۆشت و پاش كەمێك پورە خانم هاتە ژورەوەو پاش سلام كردن كاتێك یەكێك لە برادەرەكانمان كە چەند جارێكی تر چووبووە لای وە خەڵكی بردبوو بۆ چارەسەر كە پورە خانم بینی كەوتە سۆعبەت لە گەڵی كە سۆعبتەكانی هی ئەو تەمەنە نییە وە ناكرێت من لێرە بی نووسم بەڵام گەر سەرنجی وێنەی پورە خانم بدەین بۆ خۆی بینینی چەندها پرسیار دروست دەكات.

دوای ئەوەی تەنها ئێمە لای ماینەوە پورە خانم ووتی پشت شێلانێكم هەیە لە ژورێكی تر ئێستا یەمەوە پاش كەمێك چاوەروانی پورە خانم هاتەوەو لە لای مێزی گۆشەی ژورەكە دانیشت و كورسی یەكیش بەرامبەری بوو من یەكەم كەس چوومە بەردەمی دانیشتم وە پەرۆێكی سپی خستە سەر كۆشی منو بەشێكی لە سەر كۆشی خۆی بوو وە سەرمی شۆر كردەوەو دوو كلینكسی لە هەردوو پەنجەی ئاڵاند و دەستی كرد بە خورانی پشت چاوم و ژێر برۆم تا برادەران ووتیان ئەرەواللە زیخ كەوتەخواری، من تەواو بووم پاش چەند چركەێك من چوومە جی برادەرەكەم وە ئەو هاتە بەردەم پورە خانم منیش بە تاسەوە دەم ویست بزانم پورە خانم چۆن ئەم كارە دەكات دوای ئەوەی بە هەمان شێوە چاوی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

برادەرەکەم زیخی لی دەکەوتە خواری منیش سەرم دانەواند بۆ ئەوەی ببینم چۆن ئەم زیخە دەکەوێتە خواری کاتێك بینم نێوان پەنجە (توتە) ی پورە خانم هەمووی زیخە، منیش زۆر سەرسام بووم کە ئەو شتەم بینی ووتم پورە خانم تو نێوان پەنجەت هەمووی زیخە هەر ئەوەندم ووت کردی بە هات و هاوار و گریان وە لە گەڵ هەموو هاوارێك نێوان پەنجەی پاك دەکردەوە تا گەیشتە ئەوەی دەی ووت من بیست و هەشت شەهیدم هەیە ئێستا تۆ بە من دەڵێت ساحر و قوڵ بر منیش هێشتا هیچم نەوتبوو برادەران ووتیان پورە خانم ئەم کوا هیچی ووتوە کار گەیشتە ئەوەی چەند کچێکی گەنجی لا کە شێوەی جل و بەرگیان جی (سەرنج و قسە هەڵ گرتن) بوو هاتنە ژورەوە وە بە هەموویان شتەکەیان کردە هات و هاوار وە پورە خانم خۆی نارحت کرد گوایە من دلم ئێشان منیش بۆ ئەوەی زیاتر گەیشتەنم بە راستیەکان خۆم کۆنترۆل کردوو داوای لێبوردنم کرد وە وام کرد تا برادەرانی تر ببینی وە چاویان پاك بکاتەوە سەرتا زۆر هەوڵی دا ئەوان نەبینی گوایە عاجز بووە پاش هەوڵ دان یەکێك لە برادەران چووە بەردەمی بەلام ئەم جارەیان پورە خانم دەستی پاك کرابووە وە لە زیخی نێوان پەنجەکانی وە زۆر هەوڵی دا هیچ لە چاوی برادەرەکەمان نەکەوتە خواری ووتی خۆی چاوی پاکە، ووتمان ئەم برادەرەمان ببینە بزانە ئەمەیان بە داخەوە ئیتر پورە خانم لە دوای ئەوە هر کەس چووە بەردەمی چاوی پاك بوو، چوون زیخی نێوان پەنجەی پێ نەبوو تا زیخ فری داتە سەر پەرۆ سپی یەکە. دوای ئەمانە هەمووی ئێمە هاتینە دەری بەلام ئەو زۆر دەترسا چوون هەستی کرد دەرئەنجامی باشی نابێت تەنانەت دوای ئەوە چەند برادەرێك چووبوون ترسابوو نەی بینیبوون.

خوێنەری بەڕێز ئەی بەرپرسانی وولات ئەی ئەوانەی سەردانی ئەم جۆرە کەسانە دەکەن تکایە با چی تر لەوە زیاتر نەبینە فریووی دەستی ئەمانەو چەندهای وەك ئەمانە خۆی خەمەکان زۆرن با زیاتر نەبن هەمیشە خەڵکی فەقیر دەبێتە نێچیری ئەم کەسانە چوون خانم ووتەنی لە نرخی پزیشکەکان هەرزان ترە بگەر بە ناو پورە خانم رۆژانە لانی کەم (دووسەد) کەس ببینی دەکاتە یەك ملیون دینار ئایا ئەمە بازرگانی نییە بە بیرو هۆشی خەڵکەوە دەیکات، گەر سەردان بکەن بۆ لای ئەم بە ناو پورە خانمە زۆر زیاتر لەوە شت دەبینن کە من ووتم.

لە کۆتای دا دەڵێم با ئاسایش و دەزگای پەیوندی دار بەم کارە لێپرسینەوە لەم خانمە و هەموو ئەو کەسانە بکەن کە خەڵك دەکەنە نێچیری کارەکانی خۆیان چونکە بازرگانی ئەم خانمە رۆژی زیاتر لە یەك ملیۆن دینارە ئەویش لە سەر حیسابی ئەو خەڵکە داماوەی کە دەچنە بەر دەستی لە وانەیە هەندێکیشیان هەست بە چاك بوون بکەن چوون زۆرێك لە نەخۆشیەکان دەروونین و هەر نەبێت ئەڵێت خۆ چاومی لەو هەموو شتانە پاك کردەوە.

Farhad_kurd72@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.